دانیشتنی ٣

**فرەناسنامەییمان**

# هەنگاوێک بۆ پێشەوە

## کارتی گوزارشت و کەسایەتی – ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-ئەفریقای باکوور




THE LOCAL
**CHANGEMAKERS**
COURSE

# کارتی گوزارشت و کەسایەتیەکان
# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-ئەفریقای باکوور

دەتوانیت لەم بەڵگەنامەیەدا کارتی گوزارشت و کەسایەتیەکان بدۆزیتەوە تاوەکوو دەستکاریان بکەیت، چاپیان بکەیت یان بەکاریان بهێنیت کاتێک ڕاهێنانی 'هەنگاوێک بۆ پێشەوە' ئەنجام دەدەیت (لە دانیشتنی ٣ی کۆرسی پێشەنگە ناوخۆییەکاندا دەدۆزرێتەوە). ئەو کارت و گوزارشتانە بەگوێرەی چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-ئەفریقای باکوور دارێژراون. ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بۆ دیارییکردنی کەسایەتی و گوزارشتەکان بەکاربهێنە تاوەکوو لەگەڵ چوارچێوەی تایبەتی گرووپەکەت بیانگونجێنیت و بەکاریان بهێنیت.

گوزارشتەکان

**ڕێنمایی بۆ دیارییکردنی گوزارشتەکان**

پێویستت بە ١٢-١٥ گوزارشت دەبێت. ڕێزبەندێک بە نزیکەی ٣٠ گوزارشت دەستەبەرکراون تاوەکوو هەڵیان بژێریت.

ئەو گوزارشتانە لەم پێنج پۆلێنەی خوارەوەدا خراونەتە ڕوو:

- ڕێزگرتنی کۆمەڵگا و متمانەی کەسیی.
- توانای هەڵبژاردن.
- ئاسایش و خۆشگوزەرانی ماددی.
- مەترسی بەرامبەر جیاکاریی یان توندوتیژیی.
- ئازادی هەبوون یان کارپێکردنی ئایینەکەت.

لانی کەم  دوو گوزارشت لە هەر پۆلێنێک هەڵبژێرە، هەڵبژاردنەکەت لەسەر بنەمای ئەو سیناریۆیانە بێت کە پێت وایە زۆرترین پەیوەندیداریان بە چوارچێوەی خۆتەوە هەیە. گوزارشتەکان بگونجێنە ئەگەر پێویست بوو.

| **ڕێزگرتنی کۆمەڵگا و متمانەی کەسیی** |
|---|
| زمان، ئایین و کەلتوورەکەتان لە کۆمەڵگاکەتاندا ڕێزلێگیراون. |
| هەست دەکەن گرنگی بە بۆچوونەکانتان دەدرێت و گوێ بۆ تێڕوانینەکانتان دەگیرێت و لەلان کەسانی چواردەورتانەوە بە هەند وەردەگیرێن. |
| هەست بە ئاسوودەیی دەکەن کاتێک لە گشتیدا دەدوێن و گوزارشت لە بۆچوونەکانتان دەکەن. |
| هەست دەکەن تواناییتان لەلایەن کەسانی نزیک لێتانەوە و کۆمەڵگای فراوانتر بەرز دەنرخێندرێت و ڕێزی لێ دەگیرێت. |
| **توانای هەڵبژاردن** |
| ئێوە بەشدارن لە بڕیاری کڕینی شتە سەرەکییەکانی ماڵەکەتان. |
| ئێوە دەتوانن هاوڕێکانتان ببینن و گەشت بۆ بینینی خێزانەکەتان بکەن بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لە هیچ کەسێک. |
| ئێوە دەتوانن بچیتە خوێندنگە و بخوێنن و بەدوای پیشەی دڵخوازی خۆتان بکەون. |
| ئێوە دەتوان لەگەڵ کەسی دڵخوازی خۆتاندا خۆشەویستی بکەن، تەنانەت ئەگەر ئەوان ئایینێکی جیاواز لەوەی ئێوەیان هەبێت. |
| ئێوە ئەگەر پێویستی کرد دەتوانن جیا ببنەوە، ئەمە بێ ترس لە سزادان لەلایەن کەسانی چواردەورەوە (بۆ نموونە لەڕێی دوورخستنەوە لە بازنەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانتان). |
| ئێوە دەتوانن لە هەڵبژاردنە ناوخۆیی و نیشتیمانییەکان دەنگ بدەن. |
| ئێوە دەتوانن هەر خولیایەکتان هەبێت، هەر وەرزشێک بکەن یان تەماشا هەر فلمێک بکەن کە دەیخوازن. |
| ئێوە دەتوانن بڕیار لە جەستەی خۆتان بدەن- بۆ نموونە چەند منداڵتان دەوێت و لە چ کاتێکدا. |

| ئاسایش و خۆشگوزەرانی ماددی |
| --- |
| ئێوە و خێزانەکانتان لەبەردەم مەترسی کارەساتە سرووشتییەکاندا نین. |
| ئێوە دەستگەشتنی تەواوتان بە چاودێری تەندرووستی و هاوکارییە کۆمەڵایەتییەکان/تۆڕی سەلامەتی لە ئەگەری نەخۆشی یان بێکارییدا هەیە. |
| ئێوە دەتوانن ئەو شتانە بدەن بە منداڵەکانتان کە بۆ گەورەبوونیان بە شێوەیەکی تەندرووست پێویستە، تاوەکوو ترسیان لە داهاتووی خۆیان نەبێت. |
| ئێوە دەزانن چی بکەن و پەنا بۆ کوێ ببەن کاتێک رووبەرووی ئاستەنگ بوونەوە. |
| ئێوە هەست دەکەن دەتوانن بەو جۆرەی دەتانەوێت لە پیشەکەتاندا پێشبکەون. |
| ئێوە دەستتان بە زانیاریی زۆر دەربارەی ئایدز و نەخۆشییە زایەندییە گوازراوەکانی تر رادەگات. |
| **مەترسی بەرانبەر جیاکاریی یان توندوتیژیی** |
| ئێوە هەرگیز بەهۆی رەچەڵەک و چین و ئایینەکەتانەوە هەستتان بە جیاکاریی نەکردووە. |
| ئێوە لە راگرتن لەلایەن پۆلیسەوە ناترسن و هەرگیز دەستگیر نەکراون. |
| ئێوە هەست بە سەلامەتی لە ماڵەکانتان و سەر شەقامەکان دەکەن و دەربارەی گێچەڵ و هەراسانکردنی زایەندیی یان هەراسانکردنی سەرشەقام نیگەران نین. |
| کتێبەکانی خوێندنگە ئەو بروایەیان پێتان بەخشیوە یان پێتان دەبەخشتن کە کەسانی وەک ئێوە ئەندامی باشی کۆمەڵگان کە دەتوانن هەموو شتێک بەدەست بهێنن. |
| ئایین و رەچەڵەک و ناسنامەکانی دیکەتان بە ئەرێنی لە میدیادا پیشان دەدرێن. |
| ئێوە هیچ کێشەیەکتان لە بەدەستهێنانی ناسنامەی نوێ نییە یان بەکارهێنانی ناسنامەکەتان نابێتە هۆکاریی جیاکاریی. |
| **ئازادیی هەبوون یان کارپێکردنی ئایینەکەت** |
| ئێوە دەتوانن ئاهەنگی گرنگترین جەژنە ئایینییەکان بگێرن، لەگەڵ کەسانی نزیک لێتاوە و بە ئاشکرا. |
| دەتوانن بۆ زیارەتکردن گەشت بکەن، بۆ بینینی هاوباوەڕییەکانتان یان بەشداریی لە کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکان. |
| دەتوانن بە ئاشکرا لە شوێنە گشتییەکان نوێژ بکەن و برۆنە شوێنیەکانی پەرستن. |
| ئەو کۆمەڵگا ئایینییەی کە پەیوەستن پێیەوە دەتوانێت شوێنێکی پەرستن درووست بکات یان بەرووی باوەڕدارەکاندا بیکاتەوە بێ ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتداران یان گرووپەکانی تری کۆمەڵگا رووبەرووی کێشە ببێتەوە. |
| دەتوانن بە جیهانبینی خۆتان بەرانبەر خێزان و هاوڕێ و هاوپیشەکانتاندا کراوە بن و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ ترس لە ئاکامەکان لەسەریان بدوێن. |
| دەتوانن ئازادانە زانیاریی سەبارەت بە ئایینەکەتان بەدەست بهێنن و بخوێننەوە و بڵاوی بکەنەوە. |
| کاتێک ئایینەکەت بۆ ئایینێکی جیاواز دەگۆڕیت، هاورێ و پێگەی کۆمەڵایەتیتان لەدەست نادەن. |

# کارتی کەسایەتیەکان

## ڕێنمایی بۆ دیارییکردن و گونجاندنی کەسایەتیەکان

پێویستت بە ١ کەسایەتی بۆ هەر بەشداربوویەک دەبێت. ئەو کەسایەتیانەی لە لاپەڕەکانی خوارەوەدا پێشنیار کراون لە ٥ پۆلێندا خراونەتە ڕوو.

- ئەو کەسایەتیانەی کە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی، سیاسیی یان ئاییینیان هەیە/ یان تا ڕادەیەک لاوازییەکی کەمیان هەیە.
- ئەو کەسایەتیانەی لاوازیی پەیوەست بە یەکتربڕی ئایین/ باوەڕ و ڕەگەزەوە هەیە.
- ئەو کەسایەتیانەی لاوازیی پەیوەست بە ناسنامەی ئایینی یان باوەڕەوە هەیە.
- ئەو کەسایەتیانەی لاوازیی پەیوەست بە چین، ڕێکخستەی کۆمەڵایەتی، باری کۆچبەریی و هۆکارەکانی ترەوە هەیە.
- کەسایەتیەکانی تر.

### کەسایەتیی تر زیاد بکە یان لاببە

دەربارەی ڕیزبەندی ئەو کەسایەتیانەی دەستەبەرکراون بیربکەرەوە:

- داخۆ هیچ کەسایەتییێکی ناپەیوەندیدار بە چوارچێوەی تۆوە بوونی هەیە- ئەوانە لاببە یان دەستکارییان بکە تاوەکوو پەیوەندیدارییان بکەیت.
- داخۆ هیچ کەسایەتییێکی زۆر گرنگ بۆ چوارچێوەی تۆ هەیە کە لەبیرکرابێت، بۆ نموونە کەسێک لە ئایین، ڕەچەڵەک یان گرووپێکی کۆمەڵایەتی دیارییکراو؟ ئەوانە زیاد بکە و پێناسەی کەسایەتیەکە بە کورتی بکە. (تێبینی: کەسایەتیی زۆر زیاد مەکە! مەگەر گرووپێکی زۆر گەورەت هەبێت، پێویستە بەگوێرەی قەبارەی گرووپەکەت هەندێک کەسایەتی بسڕیتەوە).

### دیارییکردنی کەسایەتیەکان

- دڵنیا ببەرەوە لەوەی لە هەموو پۆلێنەکان کەسایەتی دەستنیشان دەکەیت.
- نابێت لەو شەش کەسایەتیەی دیارییکراوە، زیاتر لە یەک دانە لەو پۆلێنە بێت کە دەسەڵاتی هەیە.
- هەڵبژێرە کە چەند/ کام کەسایەتیانە لە پۆلێنەکانی تر هەڵدەبژێریت لەسەر بنەمای ئەوەی کامە زۆرترین لاوازیی پەیوەندییداری هەیە و گرنگە تا لە چوارچێوەی خۆتاندا تیشکی بخەنە سەر.
- کۆمەڵێک ناسنامەی ئایینی/باوەڕیی و هاوسەنگی نێوان کەسایەتیی نێرینە و مێینە بگرێتەخۆ.

### ئەگەر ویستتان کەسایەتیەکان بگونجێنن

بەشداربووان دەتوانن بە شێوەیەکی تەواوتر لەگەڵ کەسایەتیەکاندا بگونجێن ئەگەر تۆ کاتێکی زیاتر بە بەستنەوەی کەسایەتیەکان بە چوارچێوەی نیشتیمانی خۆت بەسەر ببەیت. بۆ نموونە، دەتوانیت دەستکاریی کەسایەتیەکان بکەیت بۆ دیارییکردنی ئەو شوێنانەی کەسایەتیەکان لێی دەژین، ناوی ئەو دەزگای دەوڵەتە بنێیت کە کاری بۆ دەکەن و هتد. ئەمە بۆ ڕاهێنانەکە شتێکی پێویست نییە.

## پۆلێن
کەسایەتیی دەسەڵات و/یان
چەند لاوازییەکی کەمی پەیوەندیدار

**تۆ زانایەکی ئایینیی کاریگەریت لە**
**ناودارترین پەیمانگای یەزدانناسی لە وڵاتەکەتدا.**

**تۆ ژنێکی ڕۆژئاواییت لە ڕێکخراوێکی**
**ناحکومیی گەشەپێدان لە پایتەخت کار دەکەیت.**

**تۆ لە خوێندنگەیەکی ناوخۆییدا**
**لە شارۆچکەیەکی بچووکدا وانە دەڵێیتەوە.**

**تۆ کەسێکی دینداری، چینی ناوەڕاستی**
**موسوڵمانیت کە کارێکی باشت هەیە.**

**تۆ پەرلەمانتارێکی نوێنەرایەتی ئەو**
**لایەنە دەکەیت کە لە ئێستادا لەناو حکومەتدایە.**

**تۆ ئەفسەرێکی پایەبەرزی سەربازییت.**

## پۆلێن
ئەو کەسایەتیانەی لاوازیی
پەیوەندیدارییان بە ئایین و ڕەگەزەوە هەیە

**تۆ ژنێکی مەسیحییت کە بە توندی**
**لەلایەن هاوسەرەکەیەوە لێی دەدرێت.**

**تۆ ژنێکی موسوڵمانیت کە بە توندی**
**لەلایەن هاوسەرەکەیەوە لێی دەدرێت.**

تۆ کچێکی ١٦ ساڵانی موسوڵمانیت.
دایک و باوکت دیندار و کۆنەپارێزن،
وە لە شارۆچکەیەکی بچووک دەژیت. تۆ دەتەوێت
بچیتە خوێندنگە و ناتەوێت لە تەمەنێکی کەمدا
هاوسەرگیری بکەیت.

تۆ کچێکی ١٦ ساڵانی مەسیحییت. دایک و باوکت
دیندار و کۆنەپارێزن، وە لە شارۆچکەیەکی بچووک دەژیت.
تۆ دەتەوێت بچیتە خوێندنگە و ناتەوێت لە تەمەنێکی کەمدا
هاوسەرگیری بکەیت.

تۆ دایکێکی بێکاری تەنیایت،
لە کۆمەڵگایەکی کۆنەپارێزی موسوڵمانی ئەخلاقیدا دەژیت.

تۆ کچێکی موسوڵمانی کە لەگەڵ
کوڕێکی مەسیحی لە خۆشەویستیدایت.

تۆ ژنێکی مەسیحییت کە هاوسەرگیریت
کردووە و دوو منداڵت هەیە. هاوسەرەکەت
گەڕاوەتەوە بۆ ئیسلام.

تۆ کچێکی گەنجی مەسیحییت
کە لەبەردەم مەترسی خەتەنەکردنی مێینەدایت.

## پۆلێن

ئەو کەسایەتیانەی لاوازیی
پەیوەندیدارییان بە ئایین و
ناسنامەی باوەڕییەوە هەیە

تۆ کەسێکیت لە ئیسلامەوە بوویتە مەسیحی.

تۆ کەسێکیت لە مەسیحیەوە بوویتە ئیسلام.

تۆ کرێکارێکی مێینەیت لە دوکانێکی شیعەییدا،
لە ناوچەیەکی زۆرینە سوننی دا.

تۆ ژنێکی ئێزدی گەنجیت.
ساڵی ٢٠١٥ لەگەڵ خێزانەکەت لە عێراق هەڵهاتن.

تۆ هاوسەری قەشەیەکی پرۆتستانتی مەسیحیت.
تۆ وەک مامۆستا لە خوێندنگەیەکی دەوڵەتدا کار دەکەیت.

تۆ چالاکوانێکی گەنجی دیموکراسیت.
تۆ باوەڕیت بەو ئایینە نییە کە پێی وایە
دەبێت جڵەوی ژیانی کەسەکان بکات.

تۆ ژنێکی گەنجی کۆمەڵگەی بەهاییت.

تۆ ئەندامێکی نێرینەی کۆمەڵگەی
بچووکی جوولەکەکانی پایتەختیت.

تۆ قەشەیەکی مەسیحییت
لە گوندێکی بچووکی قەراغ شاریت.

## پۆلێن

ئەو کەسایەتیانەی لاوازیی پەیوەندیدارییان
بە ڕێکخستە، چین دۆخی پەنابەران و
هۆکارەکانی ترەوە هەیە

تۆ پیاوێکی گەنجی ناوچەیەکی هەژاری گوندنشینیت.
بۆ پەیداکردنی پارە بۆ خێزانەکەت چوویتە پایتەخت.

تۆ ژنێکی بەساڵاچووی خاوەنپێداویستی تایبەتی
ناو خێزانێکی موسوڵمانیت لە گونددا ژیان دەکەن.
تۆ لە هاوسەرەکەت جیابوویتەوە و کوڕەکەت
کارەکەی لەدەست داوە و دەیەوێت بچێتە شار.

تۆ گەنجێکی خوێندەواری زانکۆیت.
لەدوای تەواوکردنی زانکۆوە ماوەی سێ ساڵە بێکاریت.

تۆ کرێکارێکی پەنابەریت لە عێراق وەک
کرێکاری ماڵەوە لە خێزانێکی زەنگینی
موسوڵماندا کار دەکەیت.
تۆ مەسیحییەکی ئۆرتۆدۆکسیت.

تۆ پەنابەرێکی موسوڵمانی سوونیت و لە وڵاتێکی وێرانکراوی
جەنگی دراوسێوە هاتوویت. لەگەڵ خانووبەرە و دامەزراندن و
هەژارییدا تێدەکۆشیت. دەتەوێت درێژە بە
خوێندنی زانکۆت بدەیت.

تۆ کرێکارێکیت ڕۆژانە مووچە وەردەگریت
و پاڵپشتی سێ منداڵەکەت دەکەیت.

پۆلێن
کەسایەتیەکانی تر

تۆ پیاوێکی گەنجی موسوڵمانی بێکاریت
کە بەشداریت لە هێرشە بەکۆمەڵەکانی
ئەم دواییانە بۆ سەر شوێنی پەرستنی کەمینەکاندا کردووە.

تۆ کەسایەتییەکی کاکەییت لە گوندێکی
دوورەدەستی کوردستاندا دەژیت

تۆ کچێکی ١٨ ساڵانی ئێزیدیت و لە زانکۆ دەخوێنیت.

تۆ لاوێکی کۆمەڵگەی مەندائیت و
لە بەردەم هەڕەشەی ڕەتکرانەوە و لەناوچووندایت.

تۆ ژنێکی ئێزیدیت و خاوەن سێ منداڵی،
بەردەوام لە بەردەم هەڕەشەی جیاکاری و
قسەی نەشیاوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندایت.

تۆ گەنجێکی موسڵمانیت، لەناو کێشمەکێشی
جیاوازی ڕەوتە ئایینیەکاندایت و ڕێگەت ون کردووە.